# هەرەسی هەڵۆ محەمەد بەڕێوەیە




دوای ئەوەی هونەرمەندی لاو **هەڵۆ محەمە** وەرزیە (عشق)و (قەدە )لە (2005 ) بڵاو کردەوە یستا لە بەرهەمێکی تازە بەنێوی(هەرە ) کار دەکات کە هۆنراوەو ئاوازی خۆیە دابەشکردنی هۆگر غەریب لە ستۆدیۆی (کەناری) کاری دەنگی بۆ ئەنجام دەدری.

هەڵۆ محەمەد بە پەیامنێری **ڕۆژی گەل** راگەیاند کە نیاز وایە ئەم بەرهەمە کلیپ بکات و لە ڕێگەی کۆمپانیای ئەڤین فیلمەوە بڵاوبکرێتەوە، چونکە کۆمپانیای ئەڤین فلیم لە بواری ما و مەعنەوییەوە ئە کلیپکردنی دەگرێتە ئەستۆی خۆی کە ئێستا لە قۆناگێ تۆمارکردن دایە.

# کامان لە کامان زیاتر؟!



دوێنێ من و خۆشەویستم
لەژێر سێبەری یەکەم ژوان
دانیشتبووین!
لێکمان پرسی :
کامان لەکامان زیاتر
یەکتریمان خۆشتر دەوێ ؟
لە وەڵامی ئەم پرسیارە
زۆر لێک دوور بووین
ئەو پێیوابوو
منی زۆر زیاتر خۆشدەوێ
منیش پێموابوو هەر منم
ئەوم زۆر زیاتر خۆشدەوێ
لە دواییدا بڕیارماندا :
کە ئەو منی خۆشتر دەوێو
منیش ئەوم خۆشتر دەوێ

شالاو

# قوبادی فیلمێکی نوێ بەرهەم دێنێ



ەهمەنی قوبادی سینەماکاری کورد کەخاوەن چەندین فیلمی سینەماییە و چەندین خەڵاتی جیهانی وەرگرتووەو ێ کار لە چەند فیلمێکی نوێ دا دەکات، فیلمی مۆندیال باس لە فرەژنی و قەیرەیی کچ و لاوەکان و کێشەکانیان دەکات، بۆ ئەم مەبەستەش لە دوایین سەردانی خۆیدا بۆ باشووری کوردستان لە لایەن عە غەزالی نوێنەری حکومەتی هە یمی کوردستان و یشوازی کرا.

جێگەی ئاماژەیە بۆ بەهەرهەمهێنانی فیلمێک کە باس لە فرەژنی و بەشوودانی ۆرەکی کچان بکات هەردوو بە باڵای شارەکانی دهۆک و ئاکرێ بەنیازن بۆندێک لەگەڵ ئەنجومەنی کارگێڕی لاوان ببە ن.

# دانا عەبدولجەبار لە دواین دیداریدا



لەپەیوەندییێک هونەرمەند **دانا عەبدولجە** تایبەت بە هەفتەنامەی ڕۆژی گەلی راگەیاند کە دوای ئەلبوومی (تۆ گول نەبووی) ئێستا ئەلبوومێک بەناوی دواین دیدار ئامادە دە دوو کلیپ لەو ئەلبوومە تەواوکردووە کە یەکێکیان لە وڵاتی تورکیا وێنە لێ گیراوە.

**دواین دیدار** هۆنراوەی سەرکەوت رەسول و ئاوازی دانا عەبدولجەبارو مۆ یکی هونەرمەند سەید ئەحمەد رواندزی و وێنەگرتن و دەرهێناد رزگار کۆچە ە هەروەها کاروان زامدار مۆنتاژی بۆ کردووە.

# ئومێد باڵەبان گۆرانی کلیپ دەکات

هونەرمەند ئومێد باڵەباذ مۆزیک ژەن ماوەیەک لەمەوبەر سەفە وڵاتی لوبناذ کردبوو، لەوێش سەردانی کۆمپانیای رۆتانای کردبوو، خاوەن کۆمپانیاکەیە بەڵێنی پێداوە لەسەر ئەرکی خۆی ئەلبوومێکی تایبەت بە باڵەبان و شمشاڵی بۆ تۆمار بکات. ئێستا ئەو بەرهەمە لە قۆناگێ کارکردن دایە.

لەلایەکی دیکەوە بە یوەبەری گرووپی ئاراس ئەلبوومێکیان لەبەر دە دایە لە 6 تراک پێک دێ، دوو گۆرانی و چوار پارچە مۆزیکە.

وێڕای ئەوە ئومێد باڵەبان لەگەڵ عەبدولڕەحمان عەبدوڵلا سەگرمە ماوەیە درێژژ خەریکی ئەلبوومێکی مۆزیک بوون کە بە یوازی ئۆکسترایی و بەهاوکاری تیپی مۆسیقای سەمفۆنیای عێراقی بەرهەم دەهێنرێ و لەرێگە کۆمپانیای چوا بڵاودەکرێتەوە.

سەربارى ئەوانە ئومێ باڵابەان ێش ماوە گۆرانییێکی ل ەهۆنراوەی زیاد ئەسعە تۆمار کردبوو، ئێستا بەهاوکاری کۆمپانیای سەفینەوە کاری کلیپی بۆ دەکرێ.

هەفتەنامەی ڕۆژی گەل دەستخۆشی لە هونەرمەند ئومێد باڵەبان دە ت و هیوای سەرکەوتن و بەرهەمی زیاتری بۆ دەخوازێ.

# شەهرامی نازری نیشانی کولتوری فەرەنسا وەردەگرێ



شەهرام نازری"گۆرانیبێژی ناسراوی کورد کە بە هەردوو زمانی کوردی و فارسی گۆرانی دەچڕێ و جەماوەرێکی بەرفراوانی هەیە، دوێنێ 29-9-2007 لە وڵاتی فەرەنسا بەرزترین نشانی ولتووری ئەو وڵاتەی پێبەخشرا، نیشانەکە بە ناوی "شواليه"یە، ئەمەش لە ساڵانی خزمە هونەر و موزیکەوە دێ، واتای رێزلێنانێکی گەورە بۆ هونەمەندێکی کورد دەگەیەنێ.

بە گوێرە ئاژانسی ئیسنای ئێرانی، شەهرام نازری، گۆرانیبێژی کرماشانی، لە ساڵۆنی شانۆی پاریس، لەگەڵ کۆڕێکی هونەری، چەند گۆرانی و پارچە موزیک پێشکە و پاشان لە ڕێورەسمێکی تایبەت دا خەڵاتی "تەمەنێک" خزمەتی بە هونەر وموزیک نیشانی "شواليه" کە باڵاترین نیشانی ڕێزلێنانی فەرەنسایەی پێدەبە .

شەهرام نازری، زیاتر لە 25 ساڵە لە لوتکەی موزیکی فۆلکلۆری ئێران دایە و لە ناسراوترین هونەرمەندانی هەرێمەکەیە و سەبارەت بە موزیک گوتویە "لە جیهان شەڕەکان هەر بەردەوامن بەڵام ، هونە ئەرکی خۆی، هەر بەرەوە پێش دە ".

نازری لە ڕوانگەی هەندێک لە شارەزایانی ڕۆژئاوایی نا ناوی "پاڤۆرۆتی ئێرانی پێدراوە.

ئێمەش پیرۆزبایی لە شەهرامی نازری دەکەین و هیوای تەمەن درێژی و سەرکەوتنی زیاتری بۆ دەخوازین.

# راگوێزان لە نیشتمان نمایش دەکرێ



بڕیاروایە ئەمشەو لە هۆڵی کۆمەڵە رۆشنبیری کلدانی لە عەنکاوە فیلمی راگوێزان لە نیشتمان پێشان بدرێ.

فیلمی راگوێزان لە نیشتمان لەبەرهەمی کەناڵی ئاسمانی عەشتارەو لە لایەن هونەرمەند فەرید ئاکرەییەوە دەرهێنراوە.

فیلمەکە بە هاوکاری سەندیکای ڕۆژنامەوانانی کوردستان لە هۆڵی رۆشنبری کلدان نمایش دەکرێ.

ئەم فیلمە باس لە بەسەرهاتی ئەو کەسانەدا دەکات کە لە زێدو نیشتمانی خۆیان راگوێزراون و دووچاری مەینەتی و دەردەسەری بوونەتەوە.

# پەڕینەوە لە غوبار دوای 6 خەڵات بەرەو هامبۆرگ دەڕوا

دوای بەشداریکردن لە ڤێستڤاڵی نێودەوڵە فۆکۆکا ، دوای وەدەستهێنانی شەش خەڵات، فیلمی پەڕینەوە لە غوبار بەرەو ئەڵمانیا دەڕوات و بەشداری لە ڤێستڤاڵی نێودەوڵەتی هاومبۆرگ دا دە .

فیلمی پەڕینەوە لە غوبار لە دەرهێنانی دەهێنەری کورد ەوکەت ئەمین کەرکوکییە و لەتەک پەنجا فیلمی دیکەدا بەشداری لە پازدەهەمین ڤێستڤاڵی هامبۆرگ دا کرد.

جێگەی ئاماژەیە کە فیلمەکە 75 خولەکە، شەوکەت ئەمین سیناریۆی بۆ نووسیوەو دەریهێناوە. حەسە عەلی وە بەڕیوەبەری بەرهەم و تۆج ئە لانی وە بەڕێوەبەری وێنەگرتن بەشداریان تێداکردووە. ئیبراهیم سەعدی مۆنتاژی بۆ کردووە، محەمەد رەزا دەروێشی کاری دەنگی بۆ ئەنجام داوە.

کۆمپانیای نارین فیلم بە هاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرهەمی هێناوە.

فیلمەکە باس لە منداڵێک دەکات کە ناوی سەدامە و لە کاتی شەڕی ئازادی عێراق لەلایەن هاوپەیمانانەوە ڕێی لە کوردستان دەکەوێ.



ئەم فیلمە لەلایەن کوردستانیان و خەڵکانی بیانییەوە پێشوازی زۆری لێکراوە هەرچەندە ئەم فیلمەش لەکەموکوڕی بەدە نیە، بەڵام دەتوانرێ بە فیلمێکی سەرکەوتووی کوردی دابنرێ و سینەمای کوردی پێ بڕازێنرێتەوە.

هیواخوازین بەرهەمی باشترو بەپێزتری بەدواوە بێ، بەشدارانی فیلمەکە سەرکەوتوو بن.

# جە نوارەیەکی ئێرانی لە سوید بەڕیوەدەچێ

حەفتەمین جەژنوارەی ئێرانی لەژێرناوی ( ئیران، ژن و منداڵ) ئێوارە ڕۆژی هەینی 28-9-2007 لە ئۆپسالای وڵاتی سوید دەستی بەکارەکانی خۆی کرد.

ئەم ڤیستڤاڵە بەهاوکاری ئەنجوومەنی یاری لە شاری ئۆپسالا بەڕێوەچوو، دەستکەوت و قازانجی ئەم فێستڤاڵە لەرێگەی پەروەردەکردنی ئەو منداڵانە سەرف دەکرێ کە لە ئێران توانای چوونە فێرگەیان نیەو دووچاری برسێتی و هەژاری بوونە ەوە.

لە دەستپێکی کردنەوەی ڤێستڤاڵەکە 200 کەس ئامادە ببوون کە 70 کەسیان سویدی بوون. فیستیڤاڵەکە لەلایەن **سەوسەن تەسلیمی** ئەکتەری ناوداری ئێرانی کرایەوە.

سەوسەن لە قسەکانی خۆیدا جە کردەوە کە لەسوید ئەرک و بەرپرسیارێتی هونەر لە ئەستۆی خودی هونەرمەند دایە ئەمەش پێچەوانەی ئێرانە. هونەر دەربڕینی خودی هونەرمەندەو کاری بەدەوڵەتەوە نیە، حکومەتیش کاری بە دەق و شێوازو چۆنیەتی کارکردنەوە نیە. ئەکتەرو هونەرمەند لەوە ئازادن کە چۆن کار دەکەن و چۆن ڕۆڵ وەردەگرن.

لەم جەژنوارەیەدا هونەرمەندانی وە جەعفەری پەناهی دەرهێنە فیلی ئۆفساید، محەمەد رەزا شەریفی نیا و سارا خوئینیها ئەکتەرانی فیلمی بازتاب، رویا تەیموریان ئەکتەری شانۆ، مەسعودی رایەگان ئەکتەری سینەمایی بەشداریان تێداکردبوو.

جەژنوارەکە بە فیلمی ئاوازەکانی بێدەنگی کە بەرهەمی خەسرۆ سینائییە دە پێکرد. ئەو لە فیلمەکەیدا روانگە جۆراوجۆری بۆ رەوشی ژنانی ئێرانی هەیە. پاشان فیلمی ئۆفساید پێشکە .

جێگەی ئاماژەیە کە فیلمی ئۆفساید دوایین بەرهەمی هونەمەند جەعفە پەناهیە، لە ڤێستڤاڵی ڕۆژهەڵاتی زانکۆی فلۆریدای ئەمریکا بەشداری کردووە. فیلمەکە باس لە چەند کچێک دەکات کە بەجلی پیاوانەوە دەچنە وەرزشگای ئازادی شاری تاران و دەیانەوێ یاری نێوان هەڵبژاردەی ئێران و بەحرەین تەماشا بکەن.


ROJI GEL

Weekly Newspaper Issued By: Rizgary Party Of  Kurdistan-RPK

ئۆفیسی سلێمانی: گەڕەکی مشیراوا( ) نزیک گۆڕەپانی هونەر، ژمارەی تەلەفۆن 0532109256

ئۆفیسی هەولێر: شەقامی ئاراس ، باڵاخانەی هیوا، نهۆمی سێ ، ژمارە 20، ژمارەی تەلەفۆن :0662548589 ئۆفیسی کەرکوک : حەسیرەکە، بەرانبەر قەیسەری چواربـاخ، ژمارەی تەلەفۆن 07701325080



پێگەی ئینتەرنێتی
www.rpk93.org

پۆستی ئەلیکترۆنی
info@rpk93.org
rpk93@hotmail.com

This document was created with Win2PDF available at http://www.win2pdf.com.
The unregistered version of Win2PDF is for evaluation or non-commercial use only.
This page will not be added after purchasing Win2PDF.